## Google Earth

لە بارودۆخی سیاسی کورد و شێوازی نامرۆڤانەی هەڵس و کەوتی داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ گەلەکەمان و سامانی ئابووری – فەرهەنگیماندا، هەمیشە ئەستەم بوە نەقشەیەکی راستەقینەی جوغرافیایی خاکی کورد، بەتایبەت لایەنی ئینسانی دیاردەکان، بەرهەم بێت و بکەوێتە بەردەستی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان. ئەو نەقشە و تەرحانەش کە کێشراونەتەوە بەشی زۆریان سوپایی بوون و بۆ کەڵک وەرگرتنی هێزی داگیرکەر ئامادە کراون.

وا پێشکەوتی زانست و تەکنۆلۆجی کارێکی کردوە کە ئێمە لەوپەری دەسەڵاتی دوژمن و بە بێ ئیجازەی ئەوان دەستمان بە وردترین و بێ هەڵەترین زانیاری جوغرافیایی لەمەڕ بست بە بستی خاکەکەمان رادەگات، ئەوەش لە رێگەی ماڵپەڕێکی دەوڵەمەندەوە بەناوی " Google Earth" کە بەرهەمی کۆمپانیای گەورەی ئینترنێت Google ە و دەزانین لە رێبەرایەتییەکەیدا دوو کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەن.

لە Google Earthدا سوود وەرگرتن لە نەقشەی ساتەلایتی گۆی زەوی، بە شار و دێ و چیا و رووبار و هەموو دیاردەیەکی فیزیکییەوە، گەلێک هاسانە و هەر ئەوەندە بەسە سەردانی ماڵپەڕەکە بکرێت و بە نووسین یا خود بە هۆی کلیک کردن لەسەر شوێنەکانەوە نەقشەی هەر شوێنێک کە دەمانەوێت بهێنینە بەردەم خۆمان و تەنانەت شەقامی ماڵەکە مان و هەر ماڵەکەشمان خۆی بە حەوش و دەرگا و بانەوە لەبەر دەممان قوت بێتەوە.

بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری، هەموو لە ماڵپەڕەکەدا هەن وەک پاشماوەی شوێنەکانی جیهان هەندێکیان بە روون و ئاشکرایی هەندێکیان بە شێوەیەکی کەمتر روون دەردەکەون کە ئەوانیش دواتر تەکمیل دەکرێن (ئەوە دەچێتەوە سەر ساتەلیتەکان کە لە چ زاویەیەکەوە ئەو وێنانەیان هەڵگرتوە).

لە ماڵپەڕەکەدا وشەی بۆکان بەم شێوەیە نووسراوە: Bukan و خەڵکانی تریش هەندێک وێنەی شەقام و پارکی شارەکەیان لێ زیاد کردوە و حەوزەگەورەشی لەگەڵە!

Google Earth à Bukan

